نێچیرڤان بارزانی بۆ مانگرتووان: پەیام و داواکاریەکانیان بە تەواوی بە لایەنە پەیوەندیدارەکان گەیشتوە و پشتگیریان لێدەکەین



نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەپەیامێکدا داوا لەمامۆستایان و فەرمانبەرانی مانگرتو دەکات، لەچاوی باری تەندروستییان بکەن و دەست لە مانگرتن هەڵبگرن و راشیدەگەیەنێت، "پەیام و داواکاریەکانیان بە تەواوی بە لایەنە پەیوەندیدارەکان گەیشتوە و پشتگیریان لێدەکەین".

نێچیرڤان بارزانی لەپەیامێکدا دەربارەی مامۆستایان و فەرمانبەرانی مانگرتو بڕیاریدا، "لە نزیکەوە چاودێری دۆخی مامۆستایان و فەرمانبەرانی مانگرتو دەکەم کە ماوەی چەند هەفتەیەکە لەسڵەمانی بۆ داوای چارەسەرکردنی کێشەی موچە، مانیان لەخواردن گرتوە، چارەسەرکردنی کێشەی موچە و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان داوایەکی ڕەوایە و هەمومان پشتگیریی لێ دەکەین".

راشیگەیاندوە، "بۆ ئەم مەبەستە، ئێمە لەسەرکایەتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵکی زۆرمان لەگەڵ حکومەتی فیدرالی داوە، هەر لەم چوارچێوەیەدا خشبەختانە لەئەنجامی گفتوگۆ و لێکگەیشتنی هەردولا و بە هاوکاریی لایەنە پەیوندیدارەکان، هەمواری یاسای

بودجەی گشتیی فیدراڵی پەسەند کرا و ئومێدی چارەسەری یەکجاریی پرسی موچە و شایستەی دارایییەکانی هەرێمی کوردستان هەیە".

ئەوەشیخستەڕوو، "پەیام و داواکاریی مامۆستایان و موچەخۆران بەگشتی، بە تەواوی بە لایەنەی پەیوەندیدارەکان گەیشتوە، بێیە داوایان لێ دەکەم هەڵچاوی باری تەندروستییان بکەن و دەست لە مانگرتن هەڵبگرن، هەمو لایەك دڵنیا دەکەینەوە کە هەرێمی کوردستان لە هەوڵەکانی بەردەوام دەبێت بۆ چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراق".